# شەکسپیر لە نمایشدا

## خەونی شەوێکی چلەی هاوین

د. فازڵ جاف

نمایشکردنی شانۆنامەی «خەونی شەوێکی چلەی هاوین»ی شەکسپیر لە شانۆی شاهانە لە ستۆکهۆڵم ساڵی ٢٠٠٠ سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێنا، سەکەوتنەکە لەسەر دوو ئاست بوو، ئاستی هونەری و ئاستی جەماوەری، کە هیچ نمایشێکی تری شەکسپیر لەسەر شانۆکانی سوید ئەوەندەی ئاگادار بم، بەم ئەندازەیە سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە. نمایشەکە وەرز دوای وەرز، بۆ ماوەی دوو ساڵ پێشەکەش کرا، لە سەر ئاستی ڕەخنەییش بە ئەزموونێکی جیاواز و گرنگ لە قەڵەم درا.

خەونی شەوێکی چلەی هاوین بە ئەگەرێکی زۆرەوە لە دەوروبەری ساڵی ١٥٩٥ نووسراوە، واتە هەر لەو سەروبەندەدا کە شەکسپیر (ڕۆمیۆ و جولیێت) و (بازرگانی ڤینیسیا)ی نووسیوە. مێژوونووسانی شانۆ پێیان وایە شانۆنامەکە بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٦٠٤ لە کۆشکی ساوسهامپتۆن لە شاری شانسری لەین لە شاری هۆلبۆرن لە لەندەن نمایش کراوە، گوایە شانۆنامەکە بە تایبەتی بۆ هاوسەرگیریی خانمێک نووسراوە کە شەکسپیر لەگەڵ کوڕی ئەو خانمەدا هاوڕێی گیانی بەگیانی بوون.


ڕەخنەگر پاییوس لە ساڵی ١٦٦٢دا لەبارەی شانۆنامەکەوە نووسبووی: گوایە ئەوە خراپترین و تووڕەهاتترین شانۆگەرییە کە لە ژیانیدا بینیبێتی، بەڵام مێژووی شانۆ هەر تەواو پێچەوانەی بۆچوونەکەی کاکی ڕەخنەگری سەلماند. ئێستا شانۆنامەی خەونی شەوێکی چلەی هاوین بەناوبانگترین، بگرە یەکێکە لە جیاهەڵکەوتووترین شانۆنامەی شەکسپیر، کە بە چەندان شێوە و شێواز و فۆرمی هونەری پێشکەش کراوە، شانۆنامەکە یەکێکە لەو شانۆنامانەی کە هەمیشە خەونی کەڵە دەرهێنەرانی شانۆ بووە کە سەرلەنوێ بە فۆرمێکی جودا و جیاواز و تازەباو بەرجەستەی بکەن. لەو ڕێژیسۆرە گەورانە وەک: باسیل دین، ماکس ڕینهارت، پیتەر بروک، پیتەر هۆڵ و ڕۆبێرت لێپاج و... تاد.

شانۆنامەکە بەدەر لە هونەری شانۆی دراماتیکی، سەرچاوەیەکی ئیلهامبەخش بووە بۆ چەندان نمایشی مەزنی شانۆی مۆسیقایی، بالێ و

ئۆپێرا، کە لەلایەن بەناوبانگترین ئاوازدانەرەکانەوە بەدرێژایی قۆناغەکانی مۆسیقای کلاسیک لەلایەن کەسانی وەک (پورسێل، مێندێلسۆن و بریتن)ـەوە ئاوازی بۆ دانراوە، جارێ باسی ئەو فیلمانە ناکەین کە ئەم شانۆگەرییەیان لە سینەمادا بەرجەستە کردووە.

لە زۆربەی فۆرم و شێوازی کاری دەرهێنەرە لێهاتووەکاندا، دیمەنەکانی دارستان، پێگەی سەنتەر لە نمایشەکەدا داگیر دەکا، کە بەڕواڵەت نمایشێکی سادە و ئاسانە، بەڵام لە بنەڕەتدا ئاڵۆز و فرەڕەهەندە. دارستانی ناو شانۆگەریی "خەونی شەوێکی چلەی هاوین" تەنیا دیمەنێکی سروشت بەرجەستە ناکا، بەڵکوو مەبەستی لەوەش زیاتر دەپێکی. شەکسپیر لە ناو چەقی دارستانەکەدا ئارەزووی ئیرۆتیکانە و غەریزەکانی مرۆڤ دەهێنێتە جۆشوخرۆش، بەگوێرەی بۆچوونی توێژەری جیهانی بە ڕەگەز پۆڵۆنی (یان کۆت Jan Kott) لە کتێبە بەنرخەکەیدا (شەکسپیری هاوچەرخمان Shakespeare Our Contemporary) دارستانەکە لە نمایشە بەناوبانگەکەی دەرهێنەری نەمساوی ماکس ڕینهارت Max Reinhardt لە ساڵی ١٩٢٧ بەرجەستەکردنێکی فەنتازی جیهانی جنۆکە بوو لە چوارچێوەی خەونێکدا کە لەسەر ڕیتمی مۆسیقا و مۆدێلێکی تایبەتی سەمای هونەری بالێ نمایش دەکرا.

گومانی تێدا نییە دەستپێشخەری لە نمایشکردنی شانۆنامەی خەونی شەوێکی چلەی هاوین لە مێژووی شانۆی مۆدێرندا، بە پلەی یەکەم بۆ ماکس ڕینهارت دەگەڕێتەوە کە لە ساڵی ١٩٠٥ تا ١٩٢٧ لە نمایشکردنی شانۆنامەکە بەردەوام بوو. ڕینهارت بەوە ناسرابوو کە بێ ئەندازە بە شانۆنامەکە سەرسام بووە، بە



شەکسپیر

ئەندازەیەک کە دووبارە و سێ بارە تا گەیشتە دوازدە جار دەری هێناوە. لە دواجاردا وەک فیلمێک کاری لە سەر کرد، هەر بۆیە کە باسی نمایشکردنی شانۆنامەی خەونی شەوێکی چلەی هاوین دەکرێ، ناتوانین هەڵوەستە لەسەر ئەزموونی ماکس ڕێنهارت نەکەین.

لە نمایشە بەناوبانگەکەی پیتەر بروک، لە شانۆی شاهانەی شەکسپیردا، کە لە حەفتاکانی سەدەی ڕابوردوودا بە ناونیشانی (خەون) نمایش کرا، دارستانەکە بریتی بوو لە فەزایەکی شانۆیی ڕووت و سادە، دیوارەکانی چواردەوری سپی بوون، ڕۆمی بلوم لە کتێبەکەی (شانۆ لە لەندەن)دا دەڵێ: سینۆگرافیای خەونی شەوێکی چلەی هاوین، سندووقێکی سێجای سپی بوو کە دوو دەرگای لە پاشخانەکەدا بوو لەبری دارستان، لەگەڵ کەشێکی ڕۆمانسی کە لە نمایشە ئاساییەکاندا دەبینرا.

لە کاتێکدا ئەکتەرەکان بەر لە دەستپێکی نمایشەکە، لە پێش چاوی بینەران وەستابوون، پاشان دەچوونە ناو پانتایی شانۆکەوە، بلوم دەڵێ «بۆ یەکەم جار کارەکتەرەکانی شەکسپیر ڕاستەوخۆ قسەیان بۆ بینەران کرد،

لە ڕێگەی نمایشی جەستەییەوە ئەکتەرەکان لە دروستکردنی پردی پێوەندی لەگەڵ بینەراندا سەرکەوتوو بوون». هەموو شتێک، هەموو جووڵەیەکی ئەکتەرەکان، تێکڕای ئاماژەکانیان، زۆر بە وردی بە شێوازی شانۆواندن – تمسرح (theatricality) داڕێژرابوون، نواندنی ئەکتەرەکان تەژی بوون لە کرداری جەستەیی و یاری ئەفسوونبازی و سێرک و زۆرانبازی، هەموو ئەم تەکنیکانە ڕەگەزی درامیانە و جەوهەری نمایشەکەیان پێک دەهێنا، ئەوەش بۆ ڕەخنەگران ئاشکرا بوو کە بروک ئیلهامی سەرەکی لە شێوازی دەرهێنانی شانۆنامەکەدا لە ڕێبازی بیومیکانیکی میرهولدەوە وەرگرتبوو، بروک خۆی لە بەرنامەی نمایشەکەدا ئاماژەی بە کاریگەرێتیی میرهولد کردبوو.

شێوازی دەرهێنانی (میتاشانۆیی)انەی بروک لە (خەون)دا وەڵامێک بوو بۆ ئەو نمایشانەی خەونی شەوێکی چلەی هاوین، کە زۆربەیان لەو سەردەمەدا، مۆرکی کلێشەی سواو و یەکشێوازی کۆنەباویان بە سەردا زاڵ بوو. توێژەران و ڕەخنەگرانی شانۆی بەریتانی کۆکن لە سەر ئەوەی شێوازی کلێشەیی باڵی بەسەر زۆربەی نمایشەکانی شەکسپیردا کێشابوو، هەر لە چلەکان و پەنجاکانەوە تاکوو نمایشکردنی خەون لە حەفتاکاندا بەردەوام بوو. بینەرانی لەندەن هێشتا نمایشەکەی ڕێژیسۆری بەناوبانگ (پیتەر هۆڵ)یان لە یاد مابوو، کە بە دیکۆری گەورە و بە وردەکاری ڕیالیستانە و سروشتئامێزدا لەسەر ستەیجی گەورەی شانۆی نەتەوەییدا نمایش کرا. بۆ نموونە پیتەر هۆڵ لە دیمەنەکانی کۆشکدا پەنای بۆ بەرجەستەکردنی پشت ژمارەیەکی زۆر کالوس و دیوار بردبوو، بە مەبەستی دروستکردنی کاریگەرییەکی واقیعیانە، لەناوەندی شانۆکەشدا درەختێکی زەبەللاحی چەقاندبوو، گوایە وەک هێمایەکە بۆ دارستانێکی گەورە، لە کاتێکدا نمایشەکەی بروک وەک ئاماژەمان پێ کرد، بریتی بوو لە پانتاییەکی سادەی بەتاڵ، کە بیر و خەیاڵ و فەنتازیای بینەرانی دەبزواند و کاراتر دەیبردنە ناو جیهانی شانۆگەرییەکەوە.

بروک، وەک بلوم دەڵێ، دڵدارەکانی وا هەڵبژاردبوو، کە وەکوو کەسانی ئاسایی و کۆمیدی دەرکەون، بە تایبەتی لەو کەسانەی کە لە ژیانی ڕۆژانەماندا تێکەڵیان دەبین. بینەران سەریان لە کەسایەتی تاتیانا و ئۆپیرۆن سوڕما بوو، کە ڕۆڵەکانیان لەسەر جۆلانە ئەکرۆباتیکییەکان دەگێڕا، دەفری سووڕاوەیان لەسەر دارەکانیان هەڵگرتبوو و وەکوو ئەکتەرانی سێرک یارییان پێ دەکردن. ئەم جۆرە ئامرازانە و ئەوانی دیکە کە ئیلهامیان لە نەریتەکانی کۆمیدیای دێل ئارتەوە وەرگرتووە، بینەرانیان تەواو سەرسام دەکرد.

لە ساڵانی نەوەتەکاندا دەرهێنەری کەنەدی ڕۆبێرت لێپاژ ستەیجی بەرینی (ئۆلیڤییێر) لە شانۆی نیشتمانیی لەندەندا کرد بە چڵپاوێکی پڕ لە قوڕولیتە، کە دڵدارەکانی ناو شانۆنامەکە، بە ئەویندار و تین و جۆشێکی ئیرۆتیکییەوە لە ناویدا دەگەوزان، دەرهێنەر ئەوەی بە بینەران دەگەیاند کە گوایە خواست و ئارەزووە شاراوەکانی جنۆکەکان یاری بە هەست و نەست و ئارەزووە سێکسییەکانی دڵدارەکان دەکەن و تا دێ زێتر بەرەو بێباکی و بەڕەڵڵایی و شێتییان دەبەن.

ئەم نمایشانە تەنیا چەند نموونەیەکن لە نمایشە جیاهەڵکەوتووەکانی شانۆنامەی "خەونی شەوێکی چلەی هاوین" بێگومان نموونەی دیکەش هەن.

نمایشەکە نەک تەنیا لە لەندەن دەنگی دایەوە، بگرە پاش ئەوەی لە نیویۆرک (برۆدوای) پێشکەش کرا، لە هەموو جیهاندا دەنگی دایەوە، بە یەکێک لە نایابترین نمایشەکانی بروک دادەنرێ، ئەگەر لە هەرە باشترینیان نەبێ.

دەربارەی یەکێک لە نمایشەکانی برۆدوای، ڕۆنی بلوم دەگێڕێتەوە: لە کاتی نمایشکردنی شانۆنامەکە لە شانۆی (بیلی ڕۆز) لە برۆدوای، کارەبا کوژاوەتەوە و دووکەڵێکی زۆر بە شانۆکەدا بڵاو بووەتەوە، بینەران لە سەرەتادا پێیان وابووە ئەو دووکەڵە بەشێکە لە دیمەنی شانۆییەکە، بۆیە ئامادە نەبوون تەنانەت کورسییەکانیان بەجێ بهێڵن، پاشان کە درکیان بەوە کردووە ئەو دووکەڵە بەشێک لە نمایشەکە نییە، سەرەڕای ئەوەش لە هۆڵەکە ماونەتەوە، نەبادا بەشێکی نمایشەکە لەدەست بدەن.

نمایشەکەی (خەونی شەوێکی چلەی هاوین)ی جۆن کایرد، وەک لە سەرەتاوە ئاماژم پێ کرد، یەکێکە لە نمایشە نایابەکانی ئەم سەردەمە، جۆن کایرد دەرهێنەرێکی بەناوبانگی ئەمڕۆی بەریتانیایە، کە بۆ سی ساڵ زیاترە لە شانۆی شاهانەی شەکسپیر و لە شانۆ گەورەکانی جیهاندا کار لەسەر شانۆنامەکانی شەکسپیر دەکا، بۆ دووەم جاریشە «خەونی شەوێکی چلەی هاوین» بۆ شانۆ (شانۆی دراماتن/ ستۆکهۆڵم) دەردەهێنێ.

لە کۆنفرانسی میدیایی ناساندنی نمایشەکەدا، کایرد بەم شێوەیە دیدگای خۆی بۆ دارستانەکە ڕوون کردووەتەوە:

دیمەنی یەکەمی شانۆنامەکە دیمەنێکی زۆر سەیرە، ئەم دیمەنە دەکرا دیمەنی سەرەتای هەر شانۆگەرییەکی تراژیدی بێ، هاوشێوەی سەرەتای ڕۆمیۆ و جولییێت باوکێکی تووڕە، دەوقێک، منداڵێکی بێئومێد و بێهیوا، بەدەست کێشەی خۆشەویستییەکی چارەنووسسازەوە دەناڵێنێ.

لە دیمەنی دووەمدا ژمارەیەک ئەکتەر دێنە ژوورەوە، پلانیان داڕشتووە بۆ ئەوەی شانۆگەرییەک نمایش بکەن، تەنیا ئەو کاتە بینەر لە میانەی زنجیرەی ڕووداوەکانەوە درک بەوە دەکا، کە نمایشەکە کۆمیدییە، پاشان لەگەڵ کەسایەتی پوک و پەری و جنۆکەکان خۆمان لە ناو دارستانێکدا دەبینینەوە، هەر ئەو دەمە بۆمان دەردەکەوێ کە شانۆنامەکە بریتی نییە لە گاڵتەجاڕی و بەزمەساتێکی کۆمیدیایی بازاڕی، بگرە کۆمیدیایەکە کە جیهانێکی شێتانەی خەیاڵ و فەنتازیا دەگرێتە خۆی.

شانۆنامەی "خەونی شەوێکی چلەی هاوین" شانۆنامەیەکی فریودەر و فێڵاوییە، بە ڕواڵەت خۆی سادە و ئاسان دەنوێنێ، هەر لە خوێندنەوەی یەکەمەوە، ڕەنگە پێت وا بێت نمایشکردنی هەر زۆر سووک و ئاسان بێ و دەقەکە بە ئاسانی خۆی بە دەستەوە دەدا، بەڵام لە کاتی مەشق و ڕاهێناندا بۆت دەردەکەوێت کە ئەوەندەش ئاسان نییە. شانۆنامەکە وا نووسراوە کە دەرهێنەر بە زەحمەت بتوانێ جیهان و کەشوهەوا و ژینگە جیاواز و سەیروسەمەرەکانی لە یەکەیەکی گشتگیر و لە پێکهاتەیەکی هونەریی توندوتۆڵ و هاوسەنگدا دابڕێژێ.

بابەتی سەرەکی شانۆگەرییەکە، وەک هەر چیرۆکێکی ئاسایی، ئەویندارییە و لەبارەی خۆشەویستیی دڵدارانە، بەڵام شەکسپیر لەم شانۆنامەیەدا، جیاواز لەگەڵ شانۆنامەی ڕۆمیۆ جولییێت بۆ نموونە، دنیایەکی میتافیزیک لە بەرانبەر واقیعدا دەخوڵقێنێ، دنیایەک کە لە ژێر کۆنترۆڵی جادووگەران و پەری و فریشتە و جنۆکەکاندایە، هاوکات تێکەڵ بە خەون و ئەندێشەی

کەسایەتییە ڕاستەقینەکانە، بەتایبەتی کەسایەتی ئەو چوار ئەویندارە گەنجە، کە پاشتر دەکەونە داوی سیحر و ئەفسوونی خۆشەویستییەوە. بەرانبەر بەم جیهانە ئەفسووناوییەی خەون و خەیاڵ، شەکسپیر جیهانێکی تەواو ڕیالیستمان بۆ وێنا دەکا، کە خۆی لە دوو چەشندا دەنوێنێ: یەکەمیان دنیای چینی شاهانەیە، دووەمیان دنیای پیشەوەرانە، کە پاش کاری ڕۆژانەیان، وەک چەند شانۆکارێکی ئارەزوومەند، لە مێرگێکی ناو دارستانەکەدا پرۆڤە دەکەن. لە میانەی مەشق و ڕاهێنان لەسەر شانۆنامەیەکی سادە و ساکار و تاڕادەیەک میلۆدرامیانە، شەکسپیر زۆر وەستایانە هزر و بۆچوونی خۆی دەربارەی چەمکی شانۆواندن و مەرجەکێتی و شێوازگەرێتی و هێماگەرایی، بەکردەیی و بە زمانی شانۆ و نمایشی شانۆیی، نەک بە زمانی تیۆر و تەنیا قسەی ناو کتێب، زۆر داهێنەرانە دەخاتە ڕوو.

دەکرێ بڵێین دیمەنەکانی پیشەوەرەکان بەرجەستەیەکی پراکتیکی زۆر کۆنی ئەو چەمکەیە کە مییرهولد ناوی لێ ناوە ستیلیزەکردن (شێوازگەرێتی) و چۆنیەتی بەکارهێنانی هێما و نیشانە و ئەمازە و میتافۆر و نمایشکردنی ڕۆڵ، نەک بەرجەستەکردنی ڕۆڵ، یان جۆری پێوەندی نێوان ئەکتەر و وەرگر لەلای برێخت، ئەمە وێنەیەکی ڕوونی ئەوەیە کە شەکسپیر لە شانۆگەری پیشەوەرەکاندا بەرجەستەی دەکا، ڕێک ئەوەیە کە بروک پێی دەڵێ (شانۆی زبر).

بەم شێوەیە شەکسپیر ٤٠٠ ساڵ پێش دەرهێنەرانی شانۆی مۆدێرن و هاوچەرخ کەوتووە، ئەوانەی کە میتودی ڕیالیزم و سروشتیانەیان گرتەبەر، یان لە زۆرێک لە نمایشەکانیاندا ڕێگەیان بۆ شێوازەکانی ڕیالیزم و ناتۆرالیزم ئاسان کرد.

ئەی خۆ لە خۆڕا نییە پیتەر بروک لە کتێبی پانتایی بەتاڵدا دەڵێ (لە شەکسپیردا برێخت و بیکێت هەن، هەردووکیشیانی تێپەڕاندووە).

دیمەنەکانی خەونی شەوێکی چلەی هاوین زنجیرەیەک دیمەنی درامی یەک لە دوای یەکی جودا و دژبەیەکن، شەکسپیر بە درێژایی زنجیرەی دیمەنەکان جیهان و دژەکەی بینا دەکا، ئەم تەکنیکی جیهان و دژەکەی، ختووکەی خواستی زۆرێک لە دەرهێنەران دەدا، بەڵام زۆربەیان لە دۆزینەوەی ئەو هاوسەنگی و پێوەندییە زیندووە/ هارمۆنیا و کۆنتراستی نێوان دیمەنەکاندا شکست دەهێنن.

دەرهێنەری ئەم شانۆنامەیە، هەر دەرهێنەرێک بێ، مەگەر تواناییەکی هونەریی وای هەبێ، کە بە ئەندازەی توانایی ماکس ڕینهارت و پیتەر بروک و جۆن کایرد و ڕۆبێرت لێپاج بێ، تا بتوانێ وەستایانە کۆنترۆڵی کارەکتەر و کەوشوهەوا و ئەو پێکهاتە دراماییە جیاوازانە بکا، کە سەرلەبەری شانۆنامەکە پێک دەهێنێ.

دنیای عاشقان، دنیای ڕۆمانسیەتە، دنیای کێشە و ململانێی لێک دابڕان و لێکترازان و نازکردن و ئاشتبوونەوەیە، ڕۆمانسیەتیش، لە یەک کاتدا، واتە شێتی و سەرەڕۆیی. جیهانی جنۆکە: جیهانێک لە سیحر و ئەفسوون و شەیدایی و شاعیرێتی و هەموو شتێکی ناماقووڵ و بێمانا، ئارەزووی بە جۆش و شەهوەت و ئیرۆتیکا.

ژینگەی کۆشک و جیهانی دەسەڵاتداران و کەشی ناو خێزان، ئیرادە و دەسەڵات و زەبروزەنگی باوک بەرانبەر بە کچە عاشقەکەی، لە سەرووی هەموو ئەمانەوە، دنیای پیشە گەورەکان، جیهانی فەزای شانۆی هەژار و شانۆی میتاشانۆ و دژە شانۆی باو، کە خۆی لە خۆیدا داهێنانێکی بێوێنەی شەکسپیرە لە هیچ شانۆنامەیەکدا هاوتای نییە.

بەو پێیەی ئەم دیمەنە چەمکی گرنگی شانۆی تێدایە، بەتایبەتی دەستنیشانکردنی داهێنەرانەی

پێوەندی نێوان ئەکتەر و بینەر، جگە لە تێڕوانینە قووڵەکانی شەکسپیر بۆ شانۆی باو و شانۆی دژەباو و جەختکردن لەسەر شێوازی شانۆ لەناو شانۆدا، کە لە شانۆی مۆدێرندا، نووسەری ئیتاڵی (لویجی پیراندیللۆ) وەک ڕێچکە و شێوازێکی تایبەت بە خۆی کاری لەسەر کردووە و پێی ناسراوە، بەتایبەتی لە شانۆنامە بەناوبانگەکەیدا (شەش کەسایەتی بەدوای نووسەرێکدا دەگەڕێن)، یان کۆت لە کتێبە بەنرخەکەیدا (شەکسپیری هاوچەرخمان) زۆرتر گرنگی بە شیکردنەوەی لایەنی ئیرۆتیکیی شانۆنامەکە دەدا، جێگەی سەرنجە کە بە گوێرەی پێویست بایەخ و ڕۆڵی دیمەنی پیشەوەرەکانی لە شیکردنەوەی شانۆنامەکەدا لەبەرچاو نەگرتووە و بەپێی پێویست بایەخی پێ نەداوە.

دەرهێنەر بەبێ جەختکردن لە سەر ئەم دیمەنانە، ناتوانێ شانۆنامەکە لە فۆرمە هونەرییە سەرنجڕاکێشەکەیدا بەرجەستە بکات. پێم وایە نهێنی داهێنانی بروک لە دەرهێنانی خەوندا، کە لە مێژووی شانۆدا وەک نمایشێکی نەمر جێگەی خۆی کردۆتەوە، بۆ تێگەیشتنی قووڵی ئەو بۆ ئەم خاڵە دەگەڕێتەوە، بێگومان میتودی قوتابخانەی میرهولد ڕۆڵی سەرەکی لەم داهێنانەدا هەبوو.

جۆن کایردیش بە هەمان لۆژیک نمایشە شانۆییە سەرنجڕاکێشەکەی بنیاد ناوە، کایرد بە پلەی یەکەم جەخت لەسەر ڕەفتاری بێسەروبەری دڵدارەکان و هەڵچوونە خۆڕسک و کۆمیدییەکانیان دەکا، کە بەوپەڕی ئازادی، بەشێوەیەکی ڕەها، دوور لە چاوی نەیاران، لە ناو دارستانەکەدا، بێ گوێدان بە هیچ سنوور و بەربەستێکی کۆمەڵایەتی، دوور لە کۆنترۆڵی کۆمەڵگە و ڕەقیب و ناحەزان جێبەجێ دەکەن. چوارچێوەی ئەفسانەیی سادەی شانۆنامەکە، تۆنی بنەڕەتیی نمایشەکەی کایردی پێک هێنا، دوور لە ئاڵۆزییەکانی قوتابخانە دەروونییەکان و شیکارییە فرۆیدییەکان کە لە قورسکردنی چەندان نمایشی ئەم شانۆنامەیە بەردەوام بوون، لە ڕووی تەکنیکیشەوە دەرهێنەر خۆی لە شێوازی شانۆییە کلێشەباوەکان بەدوور ڕاگرت.

دارستان لەم نمایشەدا تەنیا دارستانە، پەری و فریشتەکانیش، وەک چۆن لە کتێب و ئەفسانەکاندا وێنا کراون، تەنیا پەری و فریشتەن، ئەمانە جۆرێک لە نەخۆشە هێسترییەکانی فرۆید نین، ئەمە قسەی ڕەخنەگری سویدی لیف زێرنە کە دەڵێ: لە بەرهەمهێنانی (خەونی شەوێکی چلەی هاوین)دا، کایرد نەریتە شەکسپیرییەکانی لەگەڵ خۆشییە مۆسیقییەکانی وێست ئێند و گەرموگوڕیی سەما تێکەڵ کردووە، هەر ئەمەش وای لە سویدییەکان کرد بڵێن، کە پێویست ناکا بۆ بینینی نمایشەکانی وێست ئێند لە لەندەن بڕۆن، بەڵکوو ئەم جارە وێست ئێند خۆی هاتووەتە لای ئێمە.

## سەرچاوەکان:


Tearer I London; Rony blom

Braun, E. (2014). The Director and the Stage: From Naturalism to Grotowski. MethuenDrama.